# کێشەکانی کوردستان جافەری یا مالیکی نین





**شاخەوان شۆڕش**

دوای زیاتر لەچوار مانگ لەهەڵبژاردنی پەرلەمان لەئێراقدا، دوای کێشەو مشتومڕێکی زۆر ئەوجا گروپە ناسیونال‌و ئەتنیەکانی ناو ئێراق توانیان هەنگاوی یەکەم بۆ پێکهێنانی حکومەت بهاوێن. لەگەل ئەوەی گوشاری ئەمەریکاش بەبەردەوامی هەبوو. جافەری پاڵێوراوی شیعە لەماوەی فەرمانڕەوایی 9 مانگی رابردووی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو. لەبەر گەلێ هۆ نێوانی ئەو لەگەڵ سەرانی کورد و سوننە باش نەبوو، بۆیە رەتکرایەوە. دوای چوار مانگ ئەو کێشەیە بەدانانی جەواد مالیکی لەشوێنی جافەری کۆتایی هات. مالیکی برادەری نزیک‌و راوێژکاری جافەری‌و سەر بەهەمان رەوتی رامیاری شوێنی ئەوی گرتەوە! ئەو هەنگاوەی شیعەکان وەرامێك بوو بۆ ئەو گوشارەی لەسەریان بوو، هەروەها بەشێوەیێ پەسندکردنی داوای نوێنەرانی کوردو سوننە بوو. بۆ شیعە شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە، ئەوان جافەریان لادا، بەلام راوێژکاری ئەویان لەشوێنی ئەو دانا. شیعە بەمشێوەیە سەگی رەشیان لادا، سەگی بۆریان لەشوێن دانا. سەرکردەکانی کورد دڵیان خۆشەو ئەوە بەچارەسەر دەزانن. لەگەڵ ئەوەی هیچ دیارنییە مالیکی لەجافەری باشتر یا خراپتر دەبێت. شایانی گوتنە کورد تەنها نەبوو لەرەتکردنەوەی جافەری، سوننە پێشی کورد دژی وەستان، بۆیە ئەوە زۆر پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندی بەناتەبایی نێوان کەسەکانەوە هەیە.

بەر لەهەر شتێك ئەوەی بۆ سەرانی یەکێتی‌و پارتی گرنگ بوو، پەسندکردنەوەی تاڵەبانی بەسەرۆکی کۆمار بوو، چونکە رێکەوتنەکەی یەکێتی‌و پارتی سەبارەت بە یەکخستنەوەی دوو بەڕێوەبەرایەتیەکە بەتایبەتی لەسەر ئەوە وەستابوو، ئێستا بارزانی‌و تاڵەبانی هەردووکیان سەرۆکن. ئێستا ئەوان بەپێی رێکەوتنەکەی نێوانیان، بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانیان باشووری کوردستان کەنترۆڵ دەکەن‌و بەرێوەدەبەن، بەلام ئایا کێشەی گەلی کورد لادانی جافەرییەو دانانی مالیکیە لەشوێنی؟ بوونی جافەری یا مالیکی یا عەرەبێکی دیکە گەرەنتی چارەسەری کێشە سەرەکیەکانی نێوان عەرەب‌و کوردان دەتوانێ بکات؟ ئەو کێشە ئاڵۆزانەی چارەسەر نەکراون یا چارەی ناتەواویان لەبنچینەیاسادا بۆ دانراوە بەبوونی مالیکی چارەسەر دەبن؟.

کێشە سەرەکیەکانی نێوان کوردو عەرەب زۆرن، گرنگەکانیان بریتین لە:

یەکەم: سنووری کوردستان، کە بڕیاری 58 ناتەواوە لەئاستیداو گومان لەوەدا هەیە بتوانێ چارەیەکی وا بکات بەدڵی کوردان بێت. دیارە کێشەی سنوور تەنها ناوچەی کەرکوك ناگرێتەوە.

دووەم: سەرچاوەی سروشتی، بنچینەیاسا گوزارشتی روون سەبارەت بەماف‌و ئەرکی نێوان ناوەندو کوردستان ناداتە دەست.

سێیەم: سیستەمی فیدرالی، دسەڵاتی پەرلەمانی ناوچەکان روون نییە، گەلێ پەیوەندی لەنێوان ناوەندو کەناردا روون نییە. کەموکوڕی لەسیستەمەکەدا هەیە. جودایی بنچینەیاسای کوردستان سەبارەت بەهەندێ خاڵی گرنگ، دیار نییە چۆن دەبێت هتد.

چوارەم: ئاوێتەکردنی هێزی سەربازی یەکێتی‌و پارتی لەسوپای ئێراقدا.

پێنجەم: ئەگەری پەراوێز بوونی کورد لەپەرلەمانی فیدرال سەبارەت بەبڕیارو یاسا دەرکردن.

شەشەم: ئەگەری مافی چارەنووس، ئەگەر خوانەخواستە سەرانی کورد وێڕای ئەوەی ناوی بێنن‌و پێیان لەسەر داگرت.

یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە لەدەستی سەرۆکی وەزیران نییە، ئەگەر ئەو سەرۆکە دۆستی کوردیش بێت. عەرەبە شیعەکان کە لەلایەن سەرانی یەکێتی و پارتی دۆستی کوردان بوون، لەگەڵ ئەوەی سوننەش دژیانن‌و لێیان دەکوژن، لەگەڵ ئەوەی سنووریان لەگەڵ کوردستان نییە، کەچی سەبارەت بەسنووری کوردستان، کێشەی کەرکوك‌و زۆر خاڵی دیکەی گرنگ، هەڵوێستی خراپیان بەرامبەر بەداواکاریەکانی کورد پێشانداو لەگەڵ سوننەکان پێیان لەسەر بەرژەوەندی ناسیۆنالیستانەی عەرەبی خۆیان داگرت. ئەوەی شیعەکان ئێستا بەکوردی پێشان دەدەن، هیچی نوێ نییە، سەرانی کورد خۆیان نەیانویستووە بیبینن‌و هەڵوێستی لێوەرگرن یا خۆیان هەڵخەڵەتاندووە.

دەسەڵاتی بەغدا لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا سەبارەت بە جێبەجێکردنی رێکەوتن‌و بڕیارەکان هەنگاوی پۆزەتیڤیان نەبووە، کۆسپ دروستکراوەو نوێنەرانی کورد لەبەغدا بەهەند هەڵنەگیراون یا بێ ئەوان بڕیار دەرکراوەو هەنگاو نراوە. بەپێچەوانەی سڕینەوەی شوێنەواری بەعەرەبکردن، عەرەب لەبەعەرەبکردنی کەرکوك‌و ناوچە سنووریەکانی دیکە وازیان نەهێناوە. نموونە سەبارەت بەوانە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا زۆرن. ئەوە تەنها لەبەر شیعە یا بوونی جافەری نەبووە، ئەوە رەنگدانەوەی هەڵوێستی شۆڤێنیانەی بەگشتی عەرەبانە سەبارەت بەکێشەی کورد.

دیارە لەسایەی پۆلیتیکی کورتبینانەی هەردوو زلپارت، گەلی کوردستان نەتەوەیەکی نایەکگرتوو، نائامادەیە، هەنگاوەکانی یەکێتی‌و پارتی پڕیەتی لەکۆبوونەوەی بێسوودی تەسکبینانەی پارتایەتی، خۆهەڵخەڵەتاندن‌و گفتی بۆش. تا ئێستا بۆ نموونە سەبارەت بە دۆزی کەرکوك ( کە ناوکی کێشەی نێوان کورد و عەرەبە) لەکەرکوکدا یەکگرتوو نین، یەك کیسە نین، خاوەنی پرۆگرامی وردو کوردستانیانە نین‌و زۆربەی کارمەندانیان گەندەڵن‌و لەئاستیدا کەمتەرخەمن، ئەوە چونکە کەرکوك وەکو سەرۆکبوونی بارزانی‌و تاڵەبانی گرنگ نییە.

بەکورتی کێشە سەرەکی‌و بنەڕەتیەکانی کوردستان بەگۆڕینی جافەری پێناچێ گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، ئەوە ئەگەر لەڕوانگەی کێشە سەرەکیەکانی نێوان کوردو عەرەب سەیری بکەین. ئەگەریش کێشە کێشەی نێوان کەسەکان‌و بەرژەوەندیە تایبەتی‌و کەسەکان بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە سەرکردە دەسەڵاتدارەکانی ئێراق بەکوردو عەرەبەوە، کێشەیەکیان چارەکردبێت‌و مسۆگەری فەرمانڕەوایی چوار ساڵی داهاتووی خۆیان بەداهاتێکی دارایی زۆرەوە بۆ خۆیان کردبێت.

# کوردستانی ئازاد

**نووسینی: بروس واکر (Bruce walker)**

**وەرگێڕان لەئینگلیسییەوە: قاسم رەیانی**



گۆڕین‌و حەرەکەتی ئەو دواییانەی سیاسەتی دەوڵەت وەك پشتیوانیکردن لەبێزاویترین بزووتنەوەی ئانتی سمێتیزمی‌و دژی ئەمریکایی، لەلایەن حیزبی دەسەڵاتداری تورکیاوە بەرێوەچووە، ئەوە دەبێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئەمریکا دەست بەچاو بەسیاسەتی بەربڵاوی خۆی بەرامبەر بەئاسیا بەگشتی‌و کەمایەتی ناعەرەب لەئێراقدا بەتایبەت، واتا کوردەکان بخشێنێتەوە.

ئەمڕۆ دژوارترین گرفتی سیاسی لەئێراقدا چییە؟ ئەو گرفتە مەبەستێکی راستەقینەی سیاسی‌و ئایینیی شیعە، سوننی‌و هەرێمی نەتەوایەتیی کوردەکانە. لەدەستپێکی ئازادیی ئێراقەوە، سەرۆك کۆمار بوش لەسەر ئەوە سوور بووە کە یەکێتی ئێراق لەوتووێژەنەهاتوویە، لەسیاسەت‌و لەشەڕدا، هەڵبەت، هیچ شتێك نابێ لەوتووێژنەهاتوو بێ.

ئێراق لەراستیدا بە هەرمانایەك نەتەوەیەك نییە، بەلام بەپێچەوانە بریتی بوو لەسێ زیندانی سیاسی بەبوونی دەرەجەیەك جیاوازی چەوسانەوە لەنێوانیاندا. سوننییەکان، بچووکترین گروپ لەناوەندی ئابووری‌و جوگرافیی ئێراق، زیادترین سوود وەردەگرێ لەپێکهاتنی بەپەلەی ئاشتی‌و رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتێکی یەکگرتوودا. هێزەکانی هاوپەیمانان لەرێگەی دژایەتیکردن لەگەڵ دابەشبوونی ئێراقدا، پشتگیرییان لەسوننییە ناسوپاسەکان کردووە. ئێستاکێ سەرۆك کۆمار بوش دەبێ بەرەو پیلی دابەشبوونێکی وا بچێ.

ئەوە دەبێتە هۆی دابەشبوونی ئێراق بەسەر سێ نەتەوەی جیاوازدا: بەغدایەکی بەنیسبەت ناگرنگی سوننیی ئێراق، بەسرەیەکی شیعەی ئێراق، کە دەتوانێ بەبێ پێویست بوون بەپشتیوانیی ئێران، دەسەڵاتدارییەتی خۆیان بکەن‌و موسڵێکی ئێراق، کە دەبێ بەماوەی سەدانساڵ ببێتە یەکەمین نیشتیمانی راستەقینەی کوردەکان. کوردستان ناوچەی دەوڵەمەندی نەوتاوی، کە بەباشی توانای بەرگریکردنی لەخۆی هەیە، زۆرترین سوپاسی لەناو ئەو سێ نەتەوەی ئێراقدا بەرامبەر بەئەمریکا نیشانداوە.

بۆچی ئەمریکا لەو بۆچوونە خۆ دەدزێتەوە؟ هۆی سەرەکی ئەوەیە، کوردەکان خەڵکێکن لەزێدی خۆیان دوورخستراونەتەوە کە نیشتیمانی سروشتییان بەناو پانتایی رۆژهەلاتی ناوەراستدا خۆ دەکێشێ. ژمارەیەکی زۆری کوردەکان لەئێران دەژین کە لەدوژمنی سوێندخواردووی ئەمرۆی ئەمریکایە لەجیهاندا نزیکن. پشتگیری ئەمریکا بۆ گێڕانەوەی ئەو بەشە داگیرکراوە لەلایەن تارانەوەو تێکخستنەوەی ئەو بۆ سەر کوردستان، دوو هێندەی خاکی کوردستانی ئێراق بەراورد دەکرێ.

بەشێکی گرینگ، بەلام کەمتری کوردەکان لەسوریا، دوژمنی ئەمریکاو پشتگیری سەرهەڵداوانی ئێراق‌و تێرۆریزمی نێونەتەوەیی، دەژین. ئەگەر رژێمی بەعس خاکی کوردستان بەکوردەکان نەداتەوە، ئەوسا کوردەکان بەپشتیوانی سەربازیی ئەمریکا، دەبێ هێزی سەربازی‌و دەسەلاتی سوریا تێکبشکێنن‌و ئەو هەتا دەلوێ پەیماننامەیەکی ئاشتی سەرشۆڕانە بەسەر دیمەشق دا داسەپێنن.

زۆربەی زۆری خەڵکی 30 ملیۆنی، یان شتێکی لەو بابەتەی کورد لەتورکیا دەژین، واتا نزیك بەیەك لەچواری دانیشتووانی تورکیا. کوردەکانی تورکیا، پتر لەهەموو شتێکی دیکە، دەستمان پێڕانەگەیون. کوردستان بەیەك لەچواری باشووری رۆژهەلاتی تورکیا، نەتەوەیەکی بەنیسبەت مەزنە. بەگوێرەی نەریت تورکیا هاوپەیمانێکی ئەمریکا بووە، بەلام بەخێرایی تووشی گۆڕان هاتووەو پشتیوانی تورکیا لەسیاسەتی ئەمریکا هەمیشەو تەنیا لەسەر بەرژەوەندی خۆخوازانەی خۆی دامەزراوە. ئێمە هیچ شتێك بەتورکیا- بێلایەن لەشەڕی دووی دنیاگرو دوژمنمان لەشەڕی یەکەمی دنیاگردا، قەرزدار نین.

پشتیوانی ئێمە لەتورکیا بەنرخی قوربانیکردنی یۆنان، ئەرمەنستان‌و نەتەوەکانی تری ئەورووپا تەواو بووە، کە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەدەست ستەمی تورکیا ئازاریان کێشاوە. ئەوە هەروەها بە نرخی قوربانیکردنێکی زۆری نیازچاکیی کوردەکان تەواو بووە، کە لەحاڵەتێکی پێچەوانەدا، پێشوازی لەبوونی زلهێزێك دەکرد، کە قسەسەلمێنەر بووەو عەرەب نییەو بێجگە لەگرتنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵی، هیچی تری نەویستووە.

هۆیەکی گرینگی دیکە بۆپشتیوانیکردنی کوردستان ئەوەیە، کە کوردەکان خەڵکێکی بێ ڕیای جیاوازن. سەرەڕای ئەوە کە ئەوان بە تۆبزی ناچار بە ئیمان هێنان بەئیسلام کراون، ئەمڕۆ تەنیا نزیك بە حەفتا لەسەدی کوردەکان موسڵمانن، زۆرێك لەوان تەنیا بەنێو جولەکە، خاچپەرست، زەردەشتی (یان ئایینێکی وەك ئەو)و بەهایی لەکۆمەڵگەی رەنگاورەنگی کوردەواریدا، بە راگرتنی یەکەم باوەڕی خۆیان وەك کورد ژیاون. هیچ نیشانەیەك لەزاڵبوونی لقێکی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا نابیدرێ.

ئەوسا کوردستان دەتوانێ ببێتە دیموکراتیك بەبوونی زۆرینەیەکی موسڵمان، کە تێکەڵاویی هەموو باوەڕەکانیشی بەخۆوەگرتووە، هەم بۆ مانەوەی خۆی (زیاتر وەك ئیسرائیل) پێویستی بەیارمەتی هەموو کوردان هەیە، هەمیش، بە بۆنەی ژیانی دوورودرێژی ژێرزەمینی سەدان ساڵەیەوە، نیازی بەدڵفراوانی هەموو کوردێك دەبێ.

لەئاست ئەوە کە کورد ببێتە نەتەوەیەکی وەها کە وەك ئیسرائیلی ئەمرۆ توانای بەرگریکردنی لە خۆی هەبێ، دوودڵی لەئارادایە، هاوڕێ لەگەڵ سەقامگیریی ئازادی‌و دیموکراتییەتێکی راستی لەلوبنان دەکرێ، سێ ولاتی بەهێزو دیموکراسی لێ دامەزراو کە بەشێوەیەکی سروشتی دەبنە هاوپەیمان یان لانیکەم دۆست، بخولقێندرێ.

لەتلەت کردنی ئێران، کە لە (10٪) دانیشتووانی لەکەمی دەداو شەرمەزارکردنی سوریا کە ناچار بەدۆخێکی زۆر مەترسیدار دەبێ، سوودێکی مەزنی بەدواوە دەبێ. تورکیایەکی نکۆڵی لەکوشتاری بەکۆمەڵ (هۆلۆکاست)و ئەمریکاییەکان دەکا، بەخێرایی بەرەو رەتکردنەوەی (Hashoah) کوشتاری بەکۆمەڵی جولەکان دەڕواو باوەشی بۆ ئانتی سمێتیزم کردۆتەوە، دەبێ زیاتر و زیاتر خەمخواریی ئێمە لەئاست بەرژەوەندییەکانی لەدەست بدا.

Ghasem98@hotmail.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی

www.kurdistanpress.com

## واشینگتۆن پۆست:

# ئەگەر ئەمریکا هێرش بکا، ئێران وەڵامی دەداتەوە

**وەرگێرانی: هیوا**

بەگوێرەی قسەی (رادیۆی فەردا) رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست راپۆرتێکی لەمەڕ کێشەی نێوان ئەمریکاو ئێران نووسیوە. شارەزایانی دژ بەتیرۆر پێشبینی دەکەن کە ئەگەر ئەمریکا دامودەزگاکانی ئەتۆمی ئێران بۆمباران بکات، دەست و پێوەندەکانی حکومەتی ئێران کە ئێستاکە لەئێراقدا هەن، هێرش بۆ سەر ئامانجە ئەمریکایەکان لەئێراق، رەپیش دەگرن. هەر ئەم شارەزایانە لەو باوەڕەدان هەر بەم شێوەیەش، وێرانکاری لەدژی ئامانجە (دەوڵەتیەکان) هەم لەئەوروپا، هەم لەئەمریکاو هەم لەبەشەکانی دیکەی جیهان دەست پێدەکەن.

بەگوێرەی نووسراوەی واشینگتۆن پۆست، بەرپرسانی ئەمریکایی تا ئێستا، لەبلاوکردنەوەی بەلگەنامەیەکی ئەوتۆ کە روونی بکاتەوە کە لەئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، ئێرانیش دەست بۆ کردەوە تیرۆریستیەکان دەبا، خۆدەپارێزن. شارەزایانی دژ بە تیرۆر، لایان وایە کە دەست‌و پێوەندەکانی وەزارەتی (اگلاعات) کۆماری ئیسلامی، سوپای پاسداران‌و حزب الله لوبنان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، پشتیوانی دەکرێ لە (ئەلقاعیدە) رێك‌وپێکتر رێکخراون‌و ئامادە کراون.

بەرپرسانی ئەمریکایی دەڵێن کە سەرنجی ئەوان بۆ سەر دەزگای (اگلاعات)ی ئێران بەومانایە نیە کە ئەگەری رووبەروو بوونەوەی هێزی نیزامی ئەم دوو ولاتە بەهێزە بکات بەڵکە ئاماژەیە بە ناکۆکی دە ساڵەی نێوانیان. بە گوتەی ئەم بەرپرسانە، دەست‌و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی لە دە ساڵی رابردوودا بەنهێنی، لەدژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەڵسوڕاون کە تازەترینیان، لەئێراق‌و پاکستان، بەرچاوە. پێوەچوونی ناکۆکی لەسەر بنەمای ئەتۆمی ئێرانیش بەگوتەی ئەم بەرپرسانە، بۆتە هۆو سەبەب بۆ هەڵسەنگاندنی زیاتری مەترسی ئەگەری کردەوە نهێنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

واشینگتۆن پۆست لەزمانی (پۆل پیلار) یەکێك لەپسپۆڕانی پێشووی (CIA)ەوە دەنووسێ کە هەر ئەگەرێکی هێرشی ئەمریکا یان ئیسرائیل بۆ سەر ئێران وەك راگەیاندنی شەڕ لەقەڵەم دەدرێ‌و ئێران لەرێگەی دەستەکانی خۆیەوە، جوابی ئەم هێرشانە دەداتەوە.

پیلار کە هیچ شك‌و گومانێك لەرای خۆیدا ناهێڵێتەوە، دەڵێ: ئەم هێرشانە رەنگە بەهۆی حیزب الله، لە ئێراق یا لەئەوروپادا ئەنجام بدرێ.

بەگوێرەی نووسراوی واشینگتۆن پۆست، دەزگا جاسوسیەکانی ئێران کە لەرێگەی سەفارەتی ئێرانەوە لەولاتانی جیهاندا هەڵدەسوورێن، دەیان کەسیان لەوانەی لەئەوروپا، رۆژهەلاتی ناوەڕاست‌و لەتورکیە، لەوانەی کە دژ بە حکومەتی ئێران خەبات دەکەن لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا، تیرۆکردووە.

(بەهمەن بەختیاری) پسپۆری پرسی ئێران لەزانکۆ دەڵێ ئەمریکا لەهەڵسەنگاندنێکی راست‌و دروستی لەسەر دەزگا جاسوسیەکانی ئێران بەدەستەوە نیە.

لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك لەخەڵکە شارەزاکانی نیزامی، هێرشێکی کاتی ئەمەریکا بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، بە کاریگەری نازانن چونکە بەگوتەی ئەوان، بنکە ئەتۆمیەکانی ئێران لەشوێنە جیاواز جیاوازەکانی ولاتدا جێگیرن‌و بۆ نابوودکردنی هەموو ئەم شوێنانە، لەپێشدا پێویستە سیستەمی بەرگری هەوایی ئێران بەسەدان هێرشی ئاسمانی لەکار بکرێن.